هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان
بەشی کارگێڕی

Kurdistan Regional Government
Ministry of interior
( ISO 9001:2015 )

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية ادارة الموارد البشرية
قسم الادارة

NO: ژمارە : ٣١٨٠
DATE: ٢٠١٩ / ٢ / ١٣ ڕێکەوت : ٢٤ / ١١ / ٢٧١٨ کوردی

## ڕێنمایی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٩

## ڕێنمایی و مەرجی سەلامەتی و هونەری تایبەت بە بەکارهێنانی غازی شل (LPG)

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بە مەبەستی ڕێکخستنی چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ غازی شل کە بە کاردێت بۆ گەرمکردنەوەی ماڵان و پێدانی وزەی بەگەرخستنی کارگە و دامەزراوە پیشەسازییەکان و چێشتخانەو شوێنە گشتییەکان. بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:

### پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

١. **وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.
٢. **پارێزگاکان:** پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە).
٣. **پەیمانگای بەرگری شارستانی لە هەرێمی کوردستان.**
٤. **بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی:** بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی لە پارێزگاکان.
٥. **غازی شلی (LPG):** کورتکراوەی (Liquid petroleum gas) واتە (گازی شلی پەترۆل) کە تێکەڵاوێکە لە غازەکانی هایدرۆکاربۆنی کە بەکار دێت بۆ ئامێرەکانی گەرمکردن و وزەپێدان.
٦. **UN Numbers** : کورتکراوەی (United Nation Numbers) کە ریزبەندییەکی جیهانیە و پێکهاتووە لە ژمارەیەکی چواریی کە کەلوپەلی مەرسیداری پێدەناسرێتەوە.
٧. **کارەبای ستاتیکی:** دیاردەیەکی ڕاکێشانی کارەباییە لە نێوان تەنەکان پاڵپشت بە بوونی هێزێکی تایبەت کە پێی دەگوترێت هێزی کارەبایی ، کە دروست دەبێت لە ئەنجامی لێکخشاندن و بەریەککەوتن و کاریگەرریەکان لە نێوان تەنەکان.
٨. **تانکەر:** تانکەری هەڵگر و گوازەرەوەی غازی شلی (LPG).

### مەرجەکانی سەلامەتی تانکی غاز LPG

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم:**

١. پێویستە تانکی غاز لە ماڵان دور بێت لە سەرچاوەی کارەبا و گەرمی بە دووری بەلایەنی کەم (٣م) و بۆ هۆتیل وچێشتخانەو شوێنەکانی تر (٥-٧ م).
٢. بەر تیشکی خۆری ڕاستەوخۆ نەکەوێت و لەژێر کەپرێك بێت و پێویستە لەئاستی هەواگۆڕکێی تانکیەکەدا کراوە هەبێت.
٣. ئەو شوێنەی تانکی غازی تێدا جێگیر دەکرێت پوش و پەلاش وپاشماوەی فرێدراوی لێ نەبێت کە توانای گرگرتنی هەبێت.


٢٠١٨/١٠/٢
Farhang

٤. ئامێری (دژە هەورەتریشقە - مانع الصواعق) دابنرێت لە سەربانیماڵان و شوێنە گشتییەکان.

٥. زانیاری تەواو لەســەر تانـکی نوسرابێت بەپلێت پێوەی بلکێنرێت وەك (جۆری غاز، قەبارەی تانکی، ناوی کۆمپانیا، ژمارەی پەیوەندی کۆمپانیا، ساڵی دانانی تانکی، ژمارەی نیودەولەتی غازەکە UN number) و دوایین ڕێکەوتی پشکنینی تانکی غازەکە بنوسرێت، هەروەها هەڵواسینی ژمارەی مۆبایلی بەرگری شارستانی وفریاکەوتن لەنزیك تانکی غاز.

٦. ئەگەر تانکی لەژێر زەوی بوو ئەوا پلێتی زانیاری دەلکێنرێت بە بۆری گواستنەوەی غاز یان بە هۆی تابلۆیەك و دانانی لە نزیك تانکیەکە، و ڕووکەشی دەرەوەی تانکییەکە کە لە ژێر زەوییە بە مەتر چوارگۆشە لەسەر زەوی دیاری بکرێت دەوروەدانی بە پەرژینێکی ئاسنین.

٧. ئەگەر تانکی غازەکە لەسەر زەوی بێت پێویستە چواردەوری بە دیوار بگیرێت وهەواگۆرکێ تیدا بێت وسیستەمی ئۆتۆماتیکی ئاوپرژێن (مرشه الماء) لەسەر تانکی وتەنیشتەکانی دابنرێت لەگەڵ ئامێری هەستەوەری غاز و گەرمی بە بەرزی (٣٠ سم) بە لایەنی کەمەوە بۆ دابنرێت.

٨. پێویستە دووری نێوان ٢ تانکی لە یەکترەوە لەسەر زەوی بەلایەنی کەمەوە (٣ م) بێت وە دیواربەند هەبێت لە نێوان ئەم تانکیانە.

٩. بەهیچ شێوەیەك تانکی غازی شل نابێت لە ژێر زەمین دابنرێت (سرداب).

١٠. ئەگەر تانکی لەسەر بان دانـدرا ئەوا پێویستە بنمێچەکە دژە ئاگر بێت یان ماددەیەك بێت کەبەئاسانی نەسوتێت، هەروەها پێویستە تانکی غاز بۆ ماڵان لە (١٠٠٠ تا ٢٠٠٠) لیتر زیاتر دانەنرێت وە بۆ شوێنی گشتی و چێشتخانە و هوتیلەکان لە (٢٠٠٠ تا ٥٠٠٠) لیتر زیاتر نەبێت.

١١. تانکی غاز لەسەربان پێویستە لەشوێنێك دابنرێت کە هەواگۆرکێی تێدا بێت وە بەلایەنی کەم (٣ م) دوور بێت لە دەرگا و پەنجەرە و کراوەکان و (٦ م) دوور بێت لە شوێنی دەکتی هەوا.

١٢. نابێت تانکی غاز لەسەر بانێك دابنرێت کە بە چواردەوری سەربانەکە پەرژینی بۆ کرابێت بە بەرزی (٤ م) مەگەر لەو پەرژینە چەند شوێنێکی هەواگۆرکێ دروست کرابێت.

١٣. ئەگەر تانکی غاز لە ژێر زەوی دانرا پێویستە بە قووڵی (٣ م) دابنرێت و بنکەکەی چیمەنتۆ کرابێت و بە لم چواردەوری تانکیەکە پڕ بکرێتەوە، هەروەها تانکیەکە تایبەت بێت بە ژێر زەوی ئەمەش کۆمپانیا بەشێوەیەکی جیاواز دروستی دەکات لە ڕووی پلێت و شوێنی گێچەکان و بۆیاخی دەرەوە .

١٤. هەڵواسینی تابلۆی قەدەغە کراوەکان لەنزیك تانکی غاز (جگەرەکێشان ، ئیش پێ نەکردنی مۆبایل ...هتد) و دانانی کامیرای چاودێری لە نزیك تانکیەکە و دانانی ئامێری ئاگرکوژێنەوەی دەستی لەنزیك تانکی غاز لەجۆری پاودەر بەلایەنی کەم (٨ کغم) بۆ سەرەوە بۆ شوێنە گشتییەکان.

١٥. ڕاهێنان بەکەسی چاودێر بکرێت لەسەرچۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی ئاگر و چۆلکردنی شوێنەکە لە کاتی ڕوداوی لەناکاودا لە لایەن خاوەن پرۆژەکە وە چاودێر ڕوژانە ئاگادار بێت لە هەر کەموکوریەکی تانکیەکە .

١٦. بوونی سەرچاوەی ئاوی پێویست بۆ کاتی لەناکاو (تانکی گەورەو مزخە) لەگەل فەوهەو وسوندەو خەرتوم.

١٧. دوری نێوان تانکی غاز و ئەو ئۆتۆمبێلەی کە غازی تێدەکات نابێت لە (٨ م) کەمتر بێت بۆ سەلامەتی گشتی.

١٨. ساڵانە پشکنینی ئەندازەیی (هندسی) بکرێت بۆ ئەم سیستەمە بەلایەنی کەم یەك جار لەلایەن کۆمپانیای دامەزرێنەر.

١٩. پێویستە لەکاتی بوونی لێچونی زۆری غاز لەم سیستەمە لە ماڵان بەلایەنی کەم ١٠٠ م بە چواردەور چۆڵبکرێت وە لە کاتی بوونی لێچونی غاز لە هۆتێل وچێشتخانە و شوینەکانی تر ٨٠٠ م بەچواردەور چۆلبکرێت هەروەها لە کاتی بوونی ئاگر لەتانکی غاز ١٦٠٠ م بەچواردەور چۆڵبکرێت لەبەر ئەوەی پێویستە کرداری چۆڵکردن ئەنجام بدرێت بە هەموو ئاراستەکان بۆ ئەو دووریەی ئاماژەی پێدراوە ئەمەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرگری شارستانی ئەنجام دەدرێت.

**دووەم:**

پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لە هەر پارێزگایەك بە ئەندامیەتی نوێنەری هەریەك لە (پارێزگا و بەرگری شارستانی، سامانەسروشتیەکان، پەرەپێدانی پیشەسازی ، ئەندازیاری میکانیکی و مەدەنی لە شارەوانی) بۆ بەدواداچونی ئەم پرۆژانە و ئەنجامدانی پشکنین بۆیان و جێبەجێکردنی بڕگەی یەکەم لەم مادەیە.

### مەرجەکانی گواستنەوەی غازی شل بە تانکەر

**ماددەی سێیەم:**

١. دەبێت شوفێر شارەزایی و ڕاهێنرابێت لەبواری سەلامەتی گشتی و بەرگری شارستانی و بەشداری خولی تایبەت بکات کە لە لایەن بەرگری شارستانی و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ئەنجامدەدرێت و بڕوانامەی خولەکەی وەرگرتبێت.

٢. پێویستە ئەو تانکەرە تەنیا تایبەت بێت بە گواستنەوەی غازی شل و پێویستە:

أ- تانکەرەکە سەرجەم گێچی ( کێش و گەرمی و پەستان ) و دەمەوانەی سەلامەتی (Safety Valve) بەگوێرەی قەبارەی تانکی تانکەرەکە تێدا بێت.

ب- شوێنی پڕکردن و بەتاڵکردن و هەلگرتنی سۆندەکان پێویستە داخراو بێت واتە لە ناو سندوقی تایبەتی بێت.

ج- سۆندەی بەتاڵکردنی غازی شل پێوستە ساڵانە پشکنینی ئەندازەی بۆ بکریت.

د- بۆیەی تانکەرەکە ستانداردی جیهانی بێت کە ڕەنگی سپی.

٣. دەبێت شۆفێرەکە گرنگی تەواو بدات بە مەرجی توندوتۆڵی تانکەرەکە.

٤. پێویستە ئۆتۆمبیلی تانکەر بڕوانامەی سەلامەتی بۆ بکرێت کە لەلایەن کۆمپانیای تایبەتمەندی ئەهلی کە تایبەتە بە پشکنینی ئەندازەیی( هندسی) بۆ پلێت و دەمەوانەی تانکەرەکە و ساڵانە یەك جار ڕێکدەخرێت.

٥. شۆفێر بەردەوام پشکنین بکات بۆ دەمەوانە و سۆندەکانی گواستنەوەی غازی شل و لە سەندوقی تایبەت لە ئۆتۆمبیلەکە هەلبگیرێت بۆ ئەوەی پارێزراو بێت لە هەر ڕووداویکی هاتووچۆ هەروەها ئەو ئامێرانەی بەکاری دێنیت (علبە) زەرد بێت بۆ ئەوەی پریشك دروست نەکات.

٦. لە وەرزی گەرمادا پێویستە ساردکرنەوە بۆ تانکەرەکە ئەنجام بدرێت بە بەکارهێنانی ئاو ئینجا بار بکرێت یان بەتاڵ بکرێت.

٧. لە وەرزی گەرمادا بەرۆژ بارکردن وبەتاڵکردن ئەنجام نەدرێت تەنها بەشەو بکرێت لەبەر مەترسی گەرمای خۆر.

٨. بوونی وایەری بەتاڵ کردنەوەی کارەبای زەمینی Earth لە کۆتایی تانکەرەکە.

٩. دانانی تابلۆی تایبەت (UN Number) لەسەر تانکەرەکە.

١٠. بوونی دەمیلەی بەتاڵکردنەوەی پالەپەستۆ لە تانکەرەکە.

١١. بوونی ئامێری ئاگرکوژێنەوە لە ناو تانکەرەکە جۆری پاودەر ١٢ کغم.

١٢. بوونی جانتای فریاگوزاری سەرەتای لەناو تانکەرەکە.

١٣. تانکەر کاتێك غازی شلی بار کردبێت نابێت لەسەر شەقام و کۆڵانەکان بەجێبهێڵرێت.

١٤. شۆفێر یان یارمەتیدەرەکەی نابێت بەهیچ شێوەیەك جگەرە، مۆبایل و ئامێری گەرمکردنەوەی خۆراك بەکار بێنێت.

١٥. شۆفێر یان یارمەتیدەرەکەی جلی تایبەت لەبەر بکات کە ڕێگربێت بۆ دروست کردنی پڕیشکی گەرمی (کارەبای ستاتیکی).

١٦. شۆفێر یان هاوکارەکەی نابێت پێڵاوێك لەپێ بکات کە بنەکەی بزمار ڕێژ کرابێت.

١٧. بە هیچ شیوەیەك نابێت تانکەری هەلگری غازی شل لە پارکی ژێرزەمینی پارك بکرێت.

١٨. لەکاتی پارك کردنی تانکەرەکە لە پارکی کراوە (دەرەوە) پێویستە:

أ- شوێنی پارك کردنی تانکەرەکە هەواگۆڕکێ باشی هەبێت.

ب- ئەگەر لێچونی هەبوو پێش پارك کردنی چارەسەر بکرێت.

ج- هەموو دەمەوانەکانی بەباشی دابخرێت.

د- لە نزیکی سەرچاوەی گەرمی پارك نەکرێت و بەردەوام چاودێری بکرێت.

١٩. لەکاتی غاز پڕکردن یان بەتاڵ کردنی پێویستە بەردەوام کەسێك چاودێری بکات (شۆفێر یان یاریدەدەری شۆفێر).

٢٠. لەکاتی بەتاڵ کردنی غازی شل پێویستە بەلایەنی کەم (٨ م) دوور بێت لە هەر سەرچاوەیەکی گەرمی کە بریتین لە (ئاگر، کارەبا، ئامێری لحیم و بڕینەوە، چەخماخە، لێخشانی دوو مادە، وزەی ستاتیك (کارەبایی ناو لەشی مرۆڤ) و هتد....).

٢١. بزوێنەری ئۆتۆمبیل و هەموو لایتەکان و هەر ئامێرێکی تری کارەبای تانکەرەکە بکوژێنرێتەوە.

٢٢. لەکاتی بەتاڵکردنی غازی شل پێویستە هێمای تایبەت دابنرێت و شریتی تایبەت بە چواردەوری تانکەرەکە دابنرێت هەروەها ڕاگر دابنرێت بۆ تایەی تانکەرەکە بۆ ئەوەی جووڵە نەکات.

**مەرجە هونەری وکارگێریەکانی دانانی سیستەمی غازی شل بۆ بەکارهێنانی سنوردار**

**ماددەی چوارەم :**

مەرجە هونەری و کارگێرییەکانی دانانی سیستەمی غازی شل بۆ بە کارهێنانی سنوردار بۆ ناو مالان و چێشتخانەکان و شوێنە گەشتیاری و پیشەسازی و کشتوکالی کە بەکارهێنانی مانگانەیان بۆ غازی شل لە نیوان (٠،٥ بۆ ١٠) تۆن و دەبێت:

**یەکەم / لایەنی سومەند و جێبەجێکار :**

أ- لایەنی سوودمەند دەبێت مۆلەتی پرۆژەکەی کە دەرچووە لە لایەنی پەیوەندیدار وەك (شارەوانی، دەستەی وەبەرهێنان، پیشەسازی و کشتوکال یان تەندروستی .....) لەگەل نەخشەی بیناکەی کە پەسەند کراو بیت تیایدا بەتەواوی سیستەمی دانانی غازی شل بەشیوەی تانکی و تۆری بۆریەکانی دیاری کرا بیت و پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی دەکرێت پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرەتای پێویستە تەنها لەلایەن ئەو کۆمپانیا و گروپە هونەریانە ئەنجام بدرێت کە مۆلەتیان هەیە بۆ ئەم جۆرە پرۆژە غازییانە وە گریبەستێك ئەنجام دەدرێت لە نیوان ئەم کۆمپانیایە و لایەنی سوودمەند، کۆمپانیای ناوبراو دۆکیومێنتەکانی تانکی غاز (بڕوانامەی شوێنی دروستکەر لەگەڵ بڕوانامەی پشکنین - شهادەی منشأ مع شهادەی فحص ) هەروەها وێنەیەك لە مۆلەتی دامەزراندنی کۆمپانیاکە ومۆلەتی بینای پەسەندکراوی پرۆژەکە وداواکاریەك لە خاوەن پرۆژەکە و تاپۆی تۆماری خانوبەرە ئەگەر خانوو بوو ، بە فایلیك پێشکەشی بەرێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی دەکرێت تا ڕێگەی پێ بدریت و دەست بەدانانی سیستەمەکە بکات.

ب- پێویستە لایەنی جێبەجێکار مۆلەتی هەبێت و تۆمارکراو بێت لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ومۆلەتی کارکردنی هەبێت لەم جۆرە کارانەی تایبەت بە غازی شل لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، ئەم کۆمپانیایە بەرپرسیارێتی تەواوی کوالێتی تانکی و کەرەستەی بەکارهاتوو و دامەزراندن و پشکنینی ئەندازەی و ئیشپێکردن و چاککردنەوە صیانە و بەدواداچونی سیستەمەکە بە تەواوی هەڵدەگریت، هەروەها بەرپرسیارە لە دابین کردنی غازی شل بۆ لایەنی سوودمەند بە تانکەری تایبەت وە تانکیەکە پێویستە شهادەی سەلامەتی لەگەڵدا بیت.

ج- کارەکانی ئەم کۆمپانیایە لە ژێر ڕێنمای و سەرپەرشتی لێژنەیەکی هاوبەش دەبێت لە بەرگری شارستانی و نوێنەری هونەری وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.

د- لیژنەی سەرپەرشتیاری باسکراوی سەرەوە پاش تەواو بوونی پرۆژەکە سەرپەرشتی پشکنینی ئەندازەی دەکات تاکو ئەگەر سەرکەوتوو بوو بڕوانامەی پشکنین (شهادە فحص) دەدات بە لایەنی سودمەند وە ئەم کارە بەرامبەر رسوماتی دارایی دەکرێت کە پێشتر وەزارەتی دارایی و ئابوری ڕێنمای پێ دەرکردوە و بەشیك لەم رسوماتە بۆ ئەندامانی لێژنەکە دەبێت.

**دووەم/ تانکی غاز :**

أ- پێویستە تانکی غاز لە جۆری نۆی بێت و شهادەی منشأ و شهادەی فحص ئەندازیاری لەگەڵ بێت کە پێویستە لێژنەی سەرپەرشتیار زانیارییەکانی ئەم دوو شهادەیە بەراورد پێ بکەن لەگەڵدا ئەو پلێتەی کە کۆمپانیای دروستکەر لەسەر تانکیەکەی داناوە، هەروەها پێویستە هەر تانکیەك ئەو دوو شهادەیە و پلێتی پێوە نەبێت لە سنورەکان ڕێگری لێبکرێت هاوردە نەکرێت چونکە ئەو پلێتە (ساڵی دروستکردن و ژمارەی دروستکردن و قەبارە و ناوی کۆمپانیا و وڵات ......) لە سەر

نوسراوە وە وەك ستانداردێکی جیهانی بەکاردێت وە نابێت بە هیچ شێوەیەك تانکی بەکارهاتوو جارێکی تر بە کار بهێنرێتەوە.

ب- بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نادرێت تانکی تایبەت بە سەر زەوی لە ژێرزەمین (سرداب) دابنریت.

ج-تانکی سەر زەوی لەسەر قاعیدەیەکی کۆنکرێتی دادەنرێت بە گوێرەی قەبارەی تانکیەکە وەك لە خشتەی هاوپێچ دیاریکراوە.

د-پێویستە تانکی ئەم جۆرە گێچانەی پێوە بێت ( دەمەوانەی دڵنیایی , دەمەوانەی بەتاڵاکردن , گێچی قەبار ,گێچی فشار , گێچی گەرمی )

هـ - هەموو سیستەمەکە پێویستە دەمەوانەی داخستنی تیابیت ( shut off valve)

و- پیویستە تانکی غاز بە بەرزی ٣٠ سم لە سەقفەکەی سیبەری بۆ بکریت بە پلیتی تایبەت.

**سییەم / تۆڕی غاز :**

أ- پیویستە تۆڕی بۆری غاز هەتا بکریت لەسەر زەوی بیت و دیارو ئاشکرا بیت هەروەها بۆیاخی زەرد و دژە ژەنگ بکریت,بەڵام لە کاتی ناچاریدا بۆ ژیرزەوی پیویستە بۆری پۆلی ئەتیلین بەکاربیت و بەشیوەیەك دابنریت کە ٢٥ سم دوور بیت لە هەر بۆریەکی تر لەژێر زەوی وەك (بۆری ئاو , کارەبا ,تیلفۆنات ......).

ب- بۆری سەر زەوی دەبیت لە جۆری پۆڵا (فولاد)یان مس بیت.

ج- دەبێت لە قۆناغی یەکەمدا بۆرییەکانی ڕێکخەری پاڵەپەستۆ لە پۆڵای (galvanized steel) بێت.

د- پالەپەستۆی مامناوەند (الضغط المتوسط) لە ناو تۆر دەبێت لە نیوان ٢ بار تا ٧٥ میلی بار بیت.

ە- پالەپەستۆی نزم لەناو تۆر ٧٥ میلی بار بێت.

و- کەمترین پالەپەستۆ لە ناو تۆر نابێت لە ٢٥ میلی بار کەمتر بێت.

ز- هەموو سیستەمێکی غاز دەبێت ئەم فیتینگانەی تێدا بیت:

١. ڕێکخەر (Regulator) بۆ ڕێکخستنی پالەپەستۆی غاز بە گوێرەی پێویست.
٢. دەمەوانەی داخستن ئەگەر پاڵەپەستۆ لە ڕادەی پێویست زیادی کرد (Over Pressure Shut off Valve).
٣. دەمەوانەی داخستن ئەگەر پالەپەستو لە ڕادەی پیویست کەمی کرد (Under Pressure Shut off Valve).
٤. دەمەوانەی دڵنیایی Safety Valve
٥. دەمەوانەی کۆنترۆلی حالەتی کتوپر (Emergency Control Valve)

ح- هەستیار (حساس)ی لیچوونی غاز ئەگەر هەبوو کە ئۆتۆماتیکی فەرمان بە دەمەوانەی ژمارە (٥)دەکات کە غازی شل رابگریت.

گ- پیویستە کۆمپانیای جیبەجیکار بە بەردەوامی پشکنین وپاراستن و چاکردنەوەی تۆری بۆری غاز لە ئەستۆ بگریت.

**چوارەم / پشکنینی ئەندازەیی :**

**١- پشکنینەکە بەم شێوەیە دەبێت:**

أ- ئەگەر پێویستی کرد تانکی غاز پشکنینی هایدرۆلیکی بۆ دەکرێت لە ژێر فشاری ١,٥ بەرامبەر فشاری دیزاین کراو (١,٥ مرە من الضغط التصميمي للخزان).

ب- پشکنینی بۆیاخی تانکی کە ڕەنگی سپی بیت وە ئەستوری بۆیاخەکە کەمتر نەبیت لە ٤٠٠ مایکرۆمیتر.

ج- پشکنینی تۆری غاز بە (١,١) بەرامبەر فشاری دیزاین ئەنجام دەدرێت.

د- تۆری بوخاری پالەپەستۆی بەرز لە ژیر فشاری (١٠٣٤ KPA ) ئەنجام دەدرێت.

هـ - تۆری هەڵمی پالەپەستۆی مامناوەند لە ژیر فشاری (١٠٣ KPA ) ئەنجام دەدرێت.

و- تۆری بوخاری پالەپەستۆی نزم لە ژیر فشاری (KPA٦٩ ) ئەنجام دەدرێت.

ز- هەموو بۆرییەکان و جێگای لحیم کردن و هەر لکاندنیکی هەبێت بە ئاو سابون کە فاو پشکنینی بۆ دەکرێت.

ح- سەرجەم پشکنینەکان لەژێر فشار دەبێت و بۆ ماوەی ٣٠ خولەك کەمتر نەبێت ئەگەر لەو ماوەیەدا پالەپەستۆ هاتە خواری ئەوا نیشانەی بوونی لێچوونەو پیویستە چارەسەر بکرێت وە جارێکی تر پشکنینەکان دوبارە بکرێتەوە.

-٢

أ- پێکهێنانی لێژنەیەکی هاوبەش بە مەبەستی پشکنینی هاتوو لە برگەی یەکەمی سەرەوە بە بەشداری (بەرگری شارستانی و وەزارەتی سامان سروشتیەکان و کەسانی هونەری و ئەندازیاری شارەزابن لە بواری پشکنین) بەمەبەستی پشکنینی ئەندازەیی بۆ هەر پرۆژەیەك بە هەر قەبارەیەك بێت پاش تەواو بوونی.

ب- ئەگەر کۆمپانیاکە یان لایەنی سێیەم ئەم پشکنینەی ئەنجامدا ئەوا پێویستە لە ژێر سەرپەرشتی برگە (أ)ی سەرەوە بێت.

ج- ئەم لێژنەیە پێویستە بڕوانامەی پشکنین بدات و پەسند بکرێت لە لایەنی پەیوەندیدار و وێنەیەك لەم بڕوانامەیە بدرێت بە خاوەن پرۆژەکە.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم ڕێنمایيە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت .

کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية ادارة الموارد البشرية
قسم الادارة

Kurdistan Regional Government
Ministry of interior

هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان
بەشی کارگێڕی

NO :
ژمارە :
DATE: / /
ڕێکەوت : / / ٢٧ کوردی

وێنەیەك بۆ : -
- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ بفەرموون بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان / بفەرموون بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- گشت وەزارەتەکان، فەرمانگەکانی نەبەستراو بەوەزارەت/ دەستەسەربەخۆکان / بفەرموون بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی گشتی/ بفەرموون بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان/ بفەرموون بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە ، لەگەڵ ڕێزدا
- نوسینگەی بەڕێز وەزیر / بفەرموون بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- نوسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت / بفەرموون بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- نوسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان / بفەرموون بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- گشت پارێزگاکان و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ ئاگاداری لەگەڵ ڕێزدا...
- گشت فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت.
- فەرمانگەی یاسایی.
- هەماهەنگی و بەدواداچوون.
- خولاو.

٢٠١٨/١٠/٢

*Farhang*

١٢٥.٦١٤٠٢.٠٥

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان- عێراق<br>ئەنجوومەنی وەزیران<br>وەزارەتی ناوخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان<br>بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان<br>بەشی کارگێڕی | Ministry of interior<br>General Directorate of Diwan<br>( ISO 9001:2015 ) | إقليم كوردستان- العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة الداخلية<br>المديرية العامة للديوان<br>مديرية ادارة الموارد البشرية<br>قسم الادارة |

ژمارە : ١١٧٣٢١ NO :

ڕێکەوت : ٢٧ کوردی DATE: ٢٠١٨/١١/١٢

# فەرمانی وەزاری

بەپێ ی ئەودەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦).ی ساڵی ٢٠٠٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و ئاماژە بە کۆنووسی لیژنەی هونەری پەیمانگەی بەرگری شارستانی **بڕیارماندا بە:**

پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لەم بەڕێزانەی لای خوارەوە بەمەبەستی دانانی ڕێنمایی تایبەت بە بەکارهێنانی گازی (LPG) کە سەرچاوەیەکی سوتەمەنیە بۆ ماڵان و کارگەکان وئوتۆمبیل .

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. | بەڕێز / د. سامی جلال حسین | بەڕێوەبەری گشتی دیوان | سەرۆکی لیژنە |
| ٢. | بەڕێز /مقدم/ تحسین شرو احمد | پەیمانگەی بەرگری شارستانی | ئەندام |
| ٣. | بەڕێز /ڕائد/ زەردەشت جمال عبدالقادر | پەیمانگەی بەرگری شارستانی | ئەندام |
| ٤. | بەڕێز /ڕائد/ احمد عارف سلێمان | پەیمانگەی بەرگری شارستانی | ئەندام |
| ٥. | نوێنەری ب.بەرگری شارستانی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و قەزای سۆران و ئاکرێ | | ئەندام |
| ٦. | بەڕێز / یاد فریاد | ئەندازیاری شارستانی | ئەندام |
| ٧. | بەڕێز / اومید نامق | ئەندازیاری میکانیکی | ئەندام |
| ٨. | نوێنەری وەزارەتی سامانە سروشتیەکان | | ئەندام |
| ٩. | نوێنەری وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی | | ئەندام |

کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ

وێنەیەک بۆ:
- وەزارەتی سامانە سروشتیەکان / بۆ دیاری کردنی نوێنەرتان لە سەرەوە لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی / بۆ دیاری کردنی نوێنەرتان لە سەرەوە لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس / بۆزانین و دیاری کردنی نوێنەرتان لە سەرەوە لەگەڵ ڕێزدا .
- ب.گشتی خۆجێ یەتی / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- پەیمانگەی بەرگری شارستانی /بۆکاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا .
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون.
- خولاو.

# گواستنەوەی غازی شل بە تانکەر

١. شۆفێر شارەزای تەواوی هەبێت و ڕاهێنراو بێت لەبواری سەلامەتی گشتی و بەرگری شارستانی وە خولی تایبەت ببینێت لەلایەن بەرگری شارستانی و سامانە سروشتیەکان و بڕوانامەی وەرگرتبێت.

٢. پێویستە ئەو تانکەرە تایبەت بێت بە گواستنەوەی غازی شل بە تەنها وە پێویستە

- **تانکەری هەڵگری غازی شل سەرجەم گێجی( کێش و گەرمی و پەستان ) تێدا بێت هەروەها بوونی دەمەوانەی سەلامەتی (Safety Valve)بەگوێرەی قەبارەی تانکی تانکەرەکە.**
- **شوێنی پڕکردن و بەتاڵکردن و هەڵگرتنی سۆندەکان پێویستە داخراو بێت واتە لەناو سندوقی تایبەتی بێت.**
- **سۆندەی بەتاڵکردنی غازی شل پێوستە ساڵانە پشکنینی ئەندازەی بۆ بکریت.**
- **بۆیاخی تانکەری هەڵگری غازی شل LPG ستانداردی جیهانی ڕەنگی سپییە.**

٣. شۆفێر گرنگی تەواو بدات بە مەرجی توندوتۆڵی تانکەرەکە.

٤. پێویستە ئۆتۆمبیلی تانکەر شهادەی سەلامەتی بۆ بکرێت کە لەلایەن کۆمپانیای تایبەتمەندی ئەهلی کە تایبەتە بە پشکنینی ئەندازیاری( هندسی) بۆ پلێت و دەمەوانەی تانکەرەکە ساڵانە ١ جار دەکرێت.

٥. شۆفێر بەردەوام پشکنین بکات بۆ دەمەوانە و سۆندەکانی گواستنەوەی غازی شل وە لە سندوقی تایبەت لە ئۆتۆمبیلەکە هەلبگیرێت بۆ ئەوەی پاریزراو بێت لە هەر ڕووداویکی هاتوچۆ هەروەها ئەو ئامێرانەی بەکاری دێنیت (علبە) زەرد بێت بۆ ئەوەی شرارە دروست نەکات.

٦. لە وەرزی گەرما پێویستە ساردکرنەوە بۆ تانکەرەکە ئەنجام بدرێت بە بەکارهێنانی ئاو ئینجا بار بکرێت یان بەتاڵ بکرێت.

٧. له وەرزی گەرما بەرۆژ بارکردن وبەتاڵکردن ئەنجام نەدرێت تەنها بەشەو بکرێت لەبەر مەترسی گەرمای خۆر.

٨. بوونی وایەری بەتاڵ کردنەوەی کارەبای Earth لە کۆتایی تانکەرەکە.

٩. دانانی تابلۆی تایبەت United Nation Number (UN Number) لەسەر تانکەرەکە.

١٠. بوونی دەمیلەی بەتاڵکردنەوەی پالەپەستۆ لە تانکەرەکە.

١١. بوونی ئامێری ئاگرکوژێنەوە لە ناو تانکەرەکە جۆری پاودەر ١٢ کغم.

١٢. بوونی جانتای فریاگوزاری سەرەتای لەناو تانکەرەکە.

١٣. تانکەر کاتێك غازی شلی بار کردبێت نابێت لەسەر شەقام و کۆڵانەکان بەجێبهێڵرێت.

١٤. شۆفێر یان یارمەتیدەرەکەی نابێت بەهیچ شێوەیەك جگەرە،مۆبایل ،ئامێری گەرمکردنەوەی خۆراك بەکار بێنێت.

١٥. شۆفێر یان یارمەتیدەرەکەی جلی تایبەت لەبەر بکات کە ڕێگربێت بۆ دروست کردنی شەرارەی گەرمی (کارەبای ستاتیکی).

١٦. شۆفێر یان یارمەتیدەرەکەی نابێت پێڵاوێك لەپێ بکات کە بنەکەی بزمار ڕێژ کرابێت.

١٧. بە هیچ شیوەیەك نابێت تانکەری هەڵگری غازی شل لە پارکی ژێرزەمینی پارك بکرێت.

١٨. لەکاتی پارك کردنی تانکەر هەڵگری غازی شل لە پارکی کراوە (دەرەوە) پێویستە:

- شوێنی پارك کردنی تانکەرەکە هەواگۆرکێ باشی هەبێت.
- ئەگەر لێچونی هەبوو پێش پارك کردنی چارەسەر بکرێت.
- هەموو قفڵەکانی بەباشی دابخرێت.
- لە نزیکی سەرچاوەی گەرمی پارك نەکرێت.
- بەردەوام چاودێری بکرێت.

١٩. لەکاتی غاز تێکردن یان بەتاڵ کردنی پێویستە بەردەوام کەسێك چاودێری بکات (شۆفێر یان یاریدەدەری شۆفێر)

٢٠.لەکاتی بەتاڵ کردنی غازی شل پێویستە بەلایەنی کەم ٨ م دوور بێت لە هەر سەرچاوەیەکی گەرمی کە بریتین لە (ئاگر ، کارەبا ،ئامێری لحیم و بڕینەوە ،چەخماخە ، لێخشانی دوو مادە ، ووزەی ستاتیك (کارەبایی ناو لەشی مرۆڤ)........).

٢١. بزوێنەری ئۆتۆمبیل وهەموو لایتەکان و هەر ئامێرێکی تری کارەبای تانکەرەکە بکوژێنرێتەوە.

٢٢. لەکاتی بەتاڵکردنی غازی شل پێویستە هێمای تایبەت دابنرێت و شریتی تایبەت بە چواردەوری تانکەرەکە دابنرێت هەروەها ڕاگر دابنرێت بۆ تایەی تانکەرەکە بۆ ئەوەی نەجوڵێت.

**مەرجە هونەری وکارگیریەکان لەدانانی سیستەمی غازی شل بۆ بەکارهینانی سنوردار بۆ ناو مالان و چیشتخانەکان و شوینە گەشتیاری و پیشەسازی و کشتوکالی کە بەکارهینانی مانگانەیان بۆ غازی شل لە نیوان ٠.٥ بۆ ١٠ تۆن دەبیت:**

## یەکەم / لایەنی سومەند و جیبەجیکار :

أ- لایەنی سوودمەند دەبیت مۆلەتی پرۆژەکەی کە دەرچوە لەلایەنی پەیوەندیدار وەك ( شارەوانی ، دەستەی وەبەرهینان ، پیشەسازی ،کشتوکال یان تەندروسی ..... ) لەگەل نەخشەی بیناکەی کە پەسەند کراو بیت تیایدا بەتەواوی سیستەمی دانانی غازی شل بەشیوەی تانکی و تۆری بۆریەکانی دیاری کرا بیت و پیشکەش بە بەریوەبەرایەتی بەرگری شارستانی دەکریت پاش وەرگرتنی رەزامەندی سەرەتای پیویستە تەنها لەلایەن ئەو کۆمپانیا و گروپە هونەریانە ئە نجام بدریت کە مۆلەتیان هەیە بۆ ئەم جۆرە پرۆژە غازییانە وە گرییەستیك ئە نجام دەدریت لە نیوان ئەم کۆمپانیایە و لایەنی سوودمەند.کۆمپانیای ناوبراودۆکیومینتەکانی تانکی غاز (شهادەی منشأ لەگەل شهادەی فحص ) هەروەها وینەیەك لە مۆلەتی دامەزراندنی کۆمپانیاکە ومۆلەتی بینای پەسەندکراوی پرۆژەکە وداواکاریەك لە خاوەن پرۆژەکە و سەنەدی تۆماری خانوبەرە ئەگەر خانوو بوو ، بە فایلیك پیشکەشی بەریوەبەرایەتی بەرگری شارستانی دەکریت تا ریگەی پیبدریت و دەست بەدانانی سیستەمەکە بکات.

ب- پیویستە لایەنی جیبەجیکار مۆلەتی هەبیت و تۆمارکراو بیت لەلایەن بەریوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ومۆلەتی کارکردنی هەبیت لەم جۆرە کارانەی تایبەت بە غازی شل لە لایەن سامانە سروشتیەکان، ئەم کۆمپانیایە بەرپرسیاریتی تەواوی کوالیتی تانکی و کەرەستەی بەکارهاتوو و دامەزراندن و پشکنینی ئەندازەی و ئیشپیکردن و چاککردنەوە صیانە و بەدواداچونی سیستەمەکە بە تەواوی هەلدەگریت، هەروەها بەرپرسیارە لە دابین کردنی غازی شل بۆ لایەنی سوودمەند بە تانکەری تایبەت ،وە تانکیەکە پیویستە شهادەی سەلامەتی لەگەل بیت. کارەکانی ئەم کۆمپانیایە لە ژیر رینمای و سەرپەرشتی لیژنەیەکی هاوبەش دەبیت لە بەرگری شارستانی و نوینەری هونەری وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.

ت- لیژنەی سەرپەرشتیاری باسکراوی سەرەوە پاش تەواو بوونی پرۆژەکە سەرپەرشتی پشکنینی ئەندازەی دەکات تاکو ئەگەر سەرکەوتو بوو بروانامەی پشکنین ( شهادە فحص ) دەدات بە لایەنی سودمەند وە ئەم کارە بەرامبەر رسوماتی دارای دەکریت کە پیشتر وەزارەتی دارای و ئابەری رینمای پی دەرکردوە و بەشیك لەم رسوماتە بۆ ئەندامانی لیژنەکە دەبیت.

**لایەنی دووەم/ تانکی غاز :**

أ- پێویستە تانکی غاز لە جۆری نوی بێت و شهادەی منشأ و شهادەی فحص ئەندازیاری لەگەڵ بێت کە پێویستە لیژنەی سەرپەرشتیار زانیاریەکانی ئەم دوو شهادەیە بەراورد پێ بکەن لەگەڵ ئەو پلیتەی کە کۆمپانیای دروستکەر لەسەر تانکیەکەی داناوە ،هەروەها پێویستە هەر تانکیەك ئەو دوو شهادەیە و پلیتی پێوە نەبێت لە سنورەکان ڕێگری لیبکرێت هاوردە نەکرێت چونکە ئەو پلیتە ( ساڵی دروستکردن و ژمارەی دروستکردن و قەبارە و ناوی کۆمپانیا و وڵات ...... )لەسەر نوسراوە وە وەك ستانداردیکی جیهانی بەکاردێت وە نابێت بە هیچ شێوەیەك تانکی بەکارهاتوو جاریکی تر بەکاربهێنریتەوە.

ب- بەهیچ شێوەیەك ڕێگە نادرێت تانکی تایبەت بە سەر زەوی لە ژێرزەمین ( سرداب ) دابنرێت.

ت- تانکی سەر زەوی لەسەر قاعیدەیەکی کۆنکریتی دادەنرێت بە گوێرەی قەبارەی تانکیەکە وەك لە خشتەی هاو پێچ دیاریکراوە.

پ- پێویستە تانکی ئەم جۆرە گیچانەی پێوە بێت ( قفلی امان ،قفلی بەتاڵکردن ،گیچی قەبار ،گیچی فشار ،گیچی گەرمی )

ج- هەموو سیستەمەکە پێویستە قفلی داخستنی تیابێت ( shut off valve )

ح- پێویستە تانکی غاز بە بەرزی ٣٠ سم لە سەقفەکەی سیبەری بۆ بکرێت بە پلیتی تایبەت.

**سییەم / تۆڕی غاز :**

أ- پێویستە تۆڕی بۆری غاز هەتا بکرێت لەسەر زەوی بێت و دیارو ئاشکرا بێت هەروەها بۆیاخی زەرد و دژە ژەنگ بکرێت، بەڵام لە کاتی ناچاریدا بۆ ژێرزەوی پێویستە بۆری پۆلی ئەتیلین بەکاربێت و بەشێوەیەك دابنرێت کە ٢٥ سم دوور بێت لە هەر بۆریەکی تر لەژێر زەوی وەك ( بۆری ئاو ، کارەبا ،تیلفۆنات ...... ).

ب- بۆری سەر زەوی دەبێت لە جۆری پۆڵا ( فولاد )یان مس بێت.

ت- تۆڕی بۆری باشترە لە قۆناغی یەکەم بۆ دابەزاندنی پالە پەستۆ لە پۆڵای مغلون بێت First step of pressure regulation pipe must be class c galvanized steel.

پ- پالە پەستۆی مامناوەند ( الضغط المتوسط ) لەناو تۆڕ دەبێت لە نیوان ٢ بار تا ٧٥ میلی بار بێت.

ج- پالە پەستۆی نزم لەناو تۆڕ ٧٥ میلی بار بێت.

ح- کەمترین پالە پەستۆ لە ناو تۆڕ نابێت لە ٢٥ میلی بار کەمتر بێت.

خ- هەموو سیتەمیکی غاز دەبیت ئەم فیتینگانەی تیدا بیت:

١- (منظم Regulator بۆ ریکخستنی پالە پەستۆی غاز بە گویرەی پیویست)

٢- قوفلی داخستن ئەگەر پالە پەستو لە رادەی پیویست زیادی کرد( Over Pressure Shut off Valve).

٣- قوفلی داخستن ئەگەر پالە پەستو لە رادەی پیویست کەمی کرد( Under Pressure Shut off Valve).

٤- قوفلی امان Safety Valve

٥- قوفلی کۆنترۆلی حالەتی کتوپر (Emergency Control Valve)

د- هەستیار (حساس) ی لیچوونی غاز ئەگەر هەبوو کەئۆتۆماتیکی فەرمان بە قوفلی ژمارە (٥) دەکات کە غازی شل رابگریت.

ژ- پیویستە کۆمپانیای جیبەجیکار بە بەردەوامی پشکنین و پاراستن و چاکردنەوەی تۆری بۆری غاز لە ئەستۆ بگریت.

## چوارەم / پشکنینی ئەندازەیی:

هەموو پرۆژەیەك بە هەر قەبارەیەك بیت پاش تەواو بوونی پیویستە پشکنینی ئەندازەی (فحص هندسی) بۆ ئە نجام بدریت لە لایەن لیژنەیەکی هاوبەشکە پیکدیت لە بەرگری شارستانی و وەزارەتی سامان سروشتیەکان و کەسانی هونەری و ئەندازیاری شارەزابن لە بواری پشکنین، بەلام ئەگەر کۆمپانیاکە یان لایەنی سییەم ئەم پشکنینەی ئە نجامدا ئەوا پیویستە لە ژیر سەرپەرشتی ئەم لیژنەیە بیت.

دواتر ئەم لیژنەیە پیویستە بروانامەی پشکنین بدات و پەسند بکریت لە لایەنی پەیوەندیدار و وینەیەکیش لەم بروانامەیە بدریت بە خاوەن پرۆژەکە.

پشکنینەکە بەم شیوەیە دەبیت:

- ئەگەر پیویستی کرد تانکی غاز پشکنینی هایدرۆلیکی بۆ دەکریت لە ژیر فشاری ١.٥ بەرامبەر فشاری دیزاین کراو (١.٥ مرة من الضغط التصميمي للخزان).
- پشکنینی بۆیاخی تانکی کە رەنگی سپی بیت وە ئەستوری بۆیاخەکە کەمتر نەبیت لە ٤٠٠ مایکرۆمیتر.
- پشکنینی تۆری غاز بە (١.١) بەرامبەر فشاری دیزاین ئە نجام دەدریت.

- تۆری بوخاری پاله پەستۆی بەرز له ژێر فشاری ( 1034 KPA ) ئه نجام دەدریت.
- تۆری بوخاری پاله پەستۆی مامناوەند له ژێر فشاری ( 103 KPA ) ئه نجام دەدریت.
- تۆری بوخاری پاله پەستۆی نزم له ژێر فشاری ( 69 KPA ) ئه نجام دەدریت.
- هەموو بۆریەکان و جیگای لحیم کردن و هەر لکاندنیکی هەبیت به ئاو سابون کەفاو پشکنینی بۆ دەکریت.
- سەرجەم پشکنینەکان لەژێر فشار دەبیت و بۆ ماوەی ۳۰ خولەك کەمتر نەبیت ئەگەر لەو ماوەیەدا پاله پەستۆ هاته خواری ئەوا نیشانەی بوونی لیچونەو پیویسته چارەسەر بکریت وه جاریکی تر پشکنینەکان دوباره بکریتەوە.